گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(2).Paper3
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٣/٠١/٠٣
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٣/٠١
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٤/٢٩

# ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی (بینین و پراکتیزەکردن) و پێشنیارەکانی چارەسەرکردنیان لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکانەوە.

**ایوب خسرو نادر[1] - ئاریان فاضل کریم[2]**

aryyanfazil@gmail.com - ayubkhasro@gmail.com

[1]بەشی پەروەردەی تایبەت، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی چەرمۆ، چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی زانستە کۆمەلآیەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی ئاستەنگە پیشەییەکانە لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکانەوە، هەروەها زانینی ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ) و بڕوانامە و سالآنی خزمەت و پەیوەندی نێوانیان، بۆ هێنانەدی ئامانجەکان توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە بە هۆی گونجاوی لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە، ئامرازی توێژینەوەکەش ئامادەکردنی پێوەرێک بو بۆ ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، کە بریتی بو لە (٤٦) بڕگە کە بەسەر (٩) تەوەردا دابەشکرابو، لە پاش دڵنیابون لە جێگیری پێوەرەکە بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرا، کە نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبو لە (٧٠) مامۆستایی سەرپەرشتیار لە هەر دو کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی چەرمۆ زانکۆی سلێمانی و (١١٠) بەڕێوبەری قوتابخانە لە هەر دو بەڕێوبەرێتی پەروەردەکانی چەمچەماڵ و ڕۆژئاوای سلێمانی، بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئامار و داتا و زانیارییە کۆکراوەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، توێژەر پرۆگرامی(spss) بەکارهێناوە بۆ داتاکان.

١- دەرکەوت ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی بینین و پراکتیزەکردن لە ئاستێکی بەرزدایە.

٢- بونی جیاوازی ئاماری لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان بۆ ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ).

٣- بونی جیاوازی ئاماری لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان بۆ ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی بینین و پراکتیزەکردن بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە (دبلۆم، بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا).

٤- بونی جیاوازی ئاماری لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان بۆ ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت.

**کلیلە وشە**: ئاستەنگە پیشەییەکان، پەروەردەی کرداری، خوێندکار-مامۆستا، مامۆستای سەرپەرشتیار، بەڕێوبەری قوتابخانە.

## بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوە:

### پێشەکی :

پەروەردە بناغەی پیشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕامیاریی هەر کۆمەڵگەیەکە، ئەو بنچینە سەرەکییەیە کە وڵاتان بۆ بنیادنانی شارستانیەت و پاراستنی قەوارەیان پشتی پێدەبەستن، پەروەردە بۆ خۆی پرۆسەیەکی ڕەنگڕێژکراوی مەبەستدارە کە کار بۆ گۆڕانکارییە ویستراوەکان لە ڕەفتاری تاکدا دەکات (الحيلة، ٢٠٠٧: ٦٩)، هەر بۆیە پەروەردە ئامانجی بونیادنان و دروستکردنی کەسایەتییەکی هاوسەنگ و تەواو سەردەمیانەیە، خزمەتکردنی مرۆڤ و کۆمەڵ دەخاتە سەرو هەمو شتێکەوە (مجموعة اساتذة، ٢٠٠٣: ٦)، بەم تێگەیشتنە پەروەردە لەوە بەدەر نییە کە بریتیبێت لە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی گشتگیر، کۆشش بۆ ئامادەکردنی مرۆڤی نوێ دەکات کە لەگەڵ جیهانێکی خێرا گۆڕاودا دەژی (عبدلله، ٢٠٠٨: ٧).

پرسی پەرەپێدانی ئامادەکاری و ڕاهێنانی مامۆستایان یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکان کە جێگەی سەرنجی هەر پرۆسەیەکی پەرەپێدان و چاکسازی بوە و ئێستاش هەیە، بۆ ئەو مەبەستەش دامەزراوەکانی ئامادەکردنی مامۆستایان لە زانکۆ و کۆلێژە پەروەردەییەکان، گرنگیان بە ئامادەکردنی مامۆستایان داوە

(أبوحلتم، ٢٠١٦: ٤٣)، کۆلێژەکانی پەروەردە سەرچاوەی سەرەکین بۆ ئامادەکردنی مامۆستایان بەشێوەیەکی زانستی لە پسپۆرییە ئەکادیمییە جیاوازەکاندا، لە ڕێگەی کۆمەڵێک ڕێڕەوی پەروەردەیی و کەرەستەی ئامادەکاری ڕۆشنبیرییەوە، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە بەرنامەکانی ئامادەکردنی مامۆستایان پێش خزمەت، پرۆگرامێکی تەواو بێت کە شارەزایی پێویست بۆ ئەمە دابین بکات (قطان و الاخرون، ٢٠١٩: ٥٣٤).

پەروەردەی کرداری بە بنەمایەکی گرنگ دادەنرێت لە ئامادەکردن و سەرکەوتنی مامۆستایان لە داهاتودا، کە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی ئەو توانا و شارەزایی و لێهاتوییە پەروەردەییانەی کە پێویستن بۆ ئەنجامدانی پیشەکەیان بە باشترین شێوە، جگەلەوەش وا لە مامۆستایانی داهاتو دەکات کە شێوازەکانی پەیوەندیکردن لەگەڵ هەمو لایەنەکانی پرۆسەی پەروەردە بزانن، (حزبون،٢٠٠٨: ٢)،

گرنگی پەروەردەی کرداری لەوەدایە تیشک دەخرێتە سەرئەوەی کە ڕێگە  بە خوێندکار- مامۆستا دەدات سەرکردایەتی پرۆسەی پەروەردە بکات و دەرفەتی پێدەبەخشێت چەندین ئەزمون و لێهاتویی پەیوەست بە لایەنە جیاوازەکانی پرۆسەی پەروەردە بەدەستبهێنێت، هەروەها بەشدارە لە تێگەیشتنی لە پێداویستییەکانی تاک و گروپەکان، هەروەها پەروەردەی کرداری پێوەرێکی سەرەکییە کە بە هۆیەوە دەتوانرێت بزانرێت کە خوێندکار-مامۆستا (الطالب المعلم) لە ماوەی ئامادەکاری تیۆرییەکەیدا چەندە زانست و لێهاتوی کارامەیی بەدەست هێناوە (الموسوی، ٢٠٠٥، ١٤١).

## ١-١ کێشەی توێژینەوە:

پەروەردەی کرداری لایەنێکی گرنگە بۆ ئامادەکردن و شیاندنی مامۆستا بۆ فێرکردن لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا، بۆ ئەوەی بتوانێت و ئاگاداری ڕەهەند و کاریگەری بەرپرسیارێتیەکەی بێت.  ئەو پێوەرەیە کە ڕادەی سەرکەوتنی کۆلێژەکان تاقیدەکاتەوە لە ئامادەکردنی خوێندکار بۆ بون بە مامۆستا (العنزي،٢٠١٥: ٥)، پەروەردەی کرداری یەکەم تاقیکردنەوەی فێرکاریی ڕاستەقینەیە، کە خوێندکار-مامۆستا(الطالب المعلم) توشی شڵەژان و ترس ئەبێت لە ماوەی جێبەجێکردنی کرداری، پاشان هەندێکیان دەکەونە قۆناغی بەرەنگاربونەوەی تواناکانیان کە ئەمەش دەبێتە هۆی نائارامی و هەستکردن بە شەرم، ئەمە یەکەم سەرکێشیە بۆ خوێندکار کە چوار ساڵی لە کۆلێژ بەسەر بردوە لە دەستکەوتی تیوری و ڕوبەڕوبونەوەی لەگەڵ ئاستەنگییەکانی ئەو پیشەیەی کە تێیدان و داهاتوی ژیانیان دیاری دەکات، هەروەها ئامانجی یەکەمی ئەوان سەرکەوتنە لەو پیشەیە (أمین،٢٠١٠: ٦٠٥).

**دەتوانین کێشەی توێژینەوەکە لەم پرسیارانە بخەینەڕو:**

١- ئەو ئاستەنگە پیشەییانە چین کە ڕوبەڕوی خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت دەبنەوە لە بابەتی (بینین و پراکتیزەکردن) لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیارو بەرێوبەری قوتابخانەکانەوە؟

٢- گرنگترین ڕێگەچارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگە پیشەییەکان چین؟

## ١-٢ گرنگی توێژینەوەکە:

پەروەردەی کرداری ئەزمونێکی مەبەستدارە کە خوێندکاران لە پەیمانگا و کۆلێژە پەروەردەییەکان پێیدا گوزەردەکەن، ئامانج لەم کارەش کردنەوەی دەرفەتە لە بەردەمیاندا بۆ زانینی دۆخی کرداری فێرکاری هەروەها تاقیکردنەوەی توانا فێرکارییەکانیان، بەدەر لەوەش پەروەردەی کرداری بەشێکی گرنگە کە بەرنامەی پەروەردە پێکدێنێ لە پەیمانگا و کۆلێژە پەروەردەییەکان، بۆیە پێویستە خوێندکاران بەرچاویان ڕون بێت بەوەی پەروەردەی کرداری، تەنیا بریتی نییە لە کۆمەڵێ کارامەی پەرشوبڵاو بەڵکو چالاکییەکی مەبەستدارەو و پەیوەندییەکی تۆکمەی بە چوارچیوەی تیۆرییەوە هەیە کە لە پەیمانگا و کۆلێژە پەروەردەییەکان پێشکەشی خوێندکاران کراوە(عبداللە،٢٠١٦: ٣٩٣).

**دەتوانین گرنگی توێژینەوەکە بەم شێوەیە کورت بکەینەوە:**

١- ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی کێشە و ئاستەنگەکانی بەردەم خوێندکار-مامۆستا (الطالب المعلم) و تیشک خستنە سەر هۆکارەکانیان.

٢- گرنگە بۆ باشترکردنی دۆخی خویندکار-مامۆستا (الطالب المعلم) لە ماوەی پەروەردەی کرداری لە ناوەندەکانی خوێندن.

٣- سود وەرگرتن لە توێژینەوەکە بۆ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت و کۆلێژە پەروەردەییەکانی تر بۆ دیاریکردنی ئەو لایەنەی کە دەبێت گرنگی پێبدرێت لە ڕوی ئامادەکردنی خوێندکاران بۆ پیشەی مامۆستای.

٤- گرنگە بۆ چارەسەر کردنی ئاستەنگ و لەمپەرەکانی بەردەم پەروەردەی کرداری بە جۆرێک چارەسەری کۆتایی کێشەکان بکات.

٥- گرنگە بۆ توێژەرەکان، کە لە ڕێی هەنگاوەکانی ئەم توێژینەوەیەوە، توێژینەوەکانیان ئەنجام بدەن.

## 1-3 ئامانجی توێژینەوەکە:

١- زانینی جیاوازی ئاماری لە نێوان تیڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکانەوە بۆ ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی بینین و پراکتیزەکردن و پیشنیارەکانی چارەسەرکردنیان.

٢- زانینی ئاستەنگە پیشەییەکان لای خویندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.

٣- زانینی ئاستەنگە پیشەییەکان لای خویندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە تێروانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان، بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە.

٤- زانینی ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی بینین و پراکتیزەکردن و پیشنیارەکانی چارەسەرکردنیان لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەر قوتابخانەکانەوە بەپێی سالانی خزمەت.

## 1-4 سنوری توێژینەوەکە:

**سنوری بابەتی:** ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی (بینین و پراکتیزەکردن) و پێشنیارەکانی چارەسەرکردنیان لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکانەوە.

**سنوری مرۆیی:** مامۆستایانی سەرپەرشتیاری هەر دو کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی و زانکۆی چەرمۆ، لەگەڵ بەڕێوبەری قوتابخانە بنەڕەتیەکانی بەڕێوبەرێتی پەروەردەکانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای سلێمانی و چەمچەماڵ.

**سنوری کاتی:** سالی (٢٠٢١-٢٠٢٢) زاینی.

**سنوری شوێن:** پارێزگای سلێمانی لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

### ١-٥ پێناسەی چەمکەکان:

١-٥-١ ئاستەنگە پیشەییەکان: اللقاني و الجمل(١٩٩٩) پێناسەی دەکەن

- ئەو بەربەستانەیە که ڕێگرن لە گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکانی پرۆسەی فێربون، ڕەنگە پەیوەست بێت بە خودی قوتابییەکەوە، چ کۆمەلایەتی یان ئابوری یان دەرونی، لەوانەیە پەیوەستە بێت بە پرۆسەی فێربون

و شێوازی فێرکردن یان کەسێتی مامۆستا یان کەش و هەوای زاڵ لە ناو قوتابخانە (اللقانی والجمل، ١٩٩٩: ١٥١). **پێناسەی کارەکی**

ئەو ئاستەنگ و بەربەستانە دەگرێتەوە کە ڕوبەڕوی تاک دەبێتەوە لە کاتی هەنگاونان بۆ گەیشتن بە شتێکی دیاریکراو، هەروەها ڕێگرن لە گەیشتنی تاک بە ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان.

### ١-٥-٢ پەروەردەی کرداری: عامر(٢٠٠٨) دەڵێ

بریتییە لە پرۆسەی پەروەردەیی بە ئامانجی یارمەتیدانی خوێندکار-مامۆستا(الطالب المعلم) بۆ بەکارهێنانی زانیاری تیۆری بە شێوەی کرداری، کە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی لێهاتوی پێویست لە داڕشتن و جێبەجێکردنی وانەکاندا و بە کارهێنانی شێوازەکانی وانەوتنەوە و هۆکارە فێرکارییە جۆراوجۆرەکانی فێرکردن و کرداری هەڵسەنگاندن بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و ئامانجدار(عامر، ٢٠٠٨: ٢٤).

**پێناسەی کارەکی**

خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت و کۆلێژە پەروەردەییەکان بۆماوەی چەند هەفتەیەک ڕاهێنان دەکەن لە قوتابخانەکان بە مەبەستی وەرگرتنی کارامەیی و لێهاتوی پێویست و بەکارهێنانی هۆکارە فێرکارییەکان بۆ وانەوتنەوە و خۆئامادەکردن بۆ پیشەی مامۆستایی لە داهاتودا.

### ١-٥-٣ خوێندکار-مامۆستا حمدان(١٩٩٧) دەڵێ

خوێندکاری کۆلێژی پەروەردە یا پەیمانگایی ئامادەکردنی مامۆستایانە کە لە داهاتویەکی نزیکدا لە دوای تەواوکردنی پێداویستیەکانی پیشەی فێرکردن بە فەرمی دەبێت مامۆستا، بە پەرۆشەوە بەشداری لە گەشەپێدان و پێشکەوتنی نەوەکانی نەتەوەکەیدا دەکات(حمدان،١٩٩٧: ٢٨).

**پێناسەی کارەکی**

خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت یا کۆلێژە پەروەردەییەکانن کە بۆماوەیەک ڕاهێنان دەکەن لە سەر وانەوتنەوە و پرۆسەی فێرکردن لە یەکێک لە قوتابخانەکان، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی توانا و لێهاتوی کارامەیە پەروەردە و فێرکردن و چۆنێتی بەکارهێنانی هۆکارە فێرکاریەکان متمانە بەخۆبون و خۆ ئامادەکردن بۆ پیشەی مامۆستایی.

### ١-٥-٤ مامۆستای سەرپەرشتیار سعد(٢٠٠٧) پێناسەی کردوە

یەکێکە لە ئەندامانی فاکەڵتی لە کۆلێژ کە هەڵدەستێت بە وتنەوەی خول و شێوازی وانەوتنەوەی بابەتە جیاوازەکان، یان سەرپەرشتیاری پەروەردەی لە بوارەکەدا، هەروەها بەرپرسە لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ گەشەی پیشەی خوێندکار-مامۆستا بە درێژایی ماوەی پەروەردەیی کرداری (سعد،٢٠٠٧: ٤٨).

**پێناسەی کارەکی**

یەکێکە لە ئەندامانی فاکەڵتی کۆلێژ، کە ئەرکی چاودێری و سەرپەرشتیکردنی خوێندکار-مامۆستا بەدرێژایی ماوەی پەروەردەی کرداری، هەروەها ئاڕاستەیان دەکات بۆ چۆنێتی وانەوتنەو لە پۆلدا، هەروەها لە کۆتایدا هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکات و نمرەیان پێدەدات.

### ١-٥-٥ بەڕێوبەری قوتابخانە: القاسم(٢٠١٠) پێناسەی کردوە

ئەو کەسەیە کە سەرپەرشتی کارگێری قوتابخانە دەکات، هەروەها هەڵدەستێت بەکاری ئاڕاستەکردن و بەدواداچونی چالاکییەکانی قوتابخانە و سەرپەرشتی کردنی (القسم،٢٠١٠: ١٢).

**پێناسەی کارەکی**

ئەو کەسەیە کە بە فەرمی ڕاسپێردراوە بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانە بۆ ئەوەی هەوڵی ڕێکخراو بدات بۆ گەیشتن بە ئامانجە فێرکاریی و پەروەردەییەکان.

## بەشی دوەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە:

### ٢-١ چەمکی پەروەردەی کرداری:

چەمکی پەوەردەی کرداری لە زۆرێک لە کۆلێژە پەروەردەییەکان لە جیهاندا بە یەکێک لە بەرنامە بڕیار لێدراوەکانی پەروەردەی مامۆستایان ناودەبرێت، کە دەرفەت دەدات بە خوێندکار-مامۆستا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کرداری لە قوتابخانەیەکدا وانە بڵێتەوە، هەرچەندە خوێندکارانی کۆلێژ یا پەیمانگاکان جگە لە وانەوتنەوە بە چەندین ئەزمونی تردا تێدەپەڕێت، بەڵام ڕێگەدان بە وەستان لە بەردەم قوتابیان و سەرکردایەتی پرۆسەی فێرکردن، خەمی ئەو کەسانەیە کە بەرپرسن لە پرۆسەی پەروەردەی کرداری، پێدەچێت ئەم دەستەواژەیە تا دوای دەرکەوتنی پەیمانگا و کۆلێژە پەروەردەییەکان لە ڕۆژئاوا بەو ماناییەی ئیستا بەکارنەهاتبێت (عبدالله، ٢٠٠٤: ٨٠).

## ٢-٢ ئامانجی پەروەردەی کرداری:

پەرورەدەی کرداری ئامانجی ڕێگەدانە بە خوێندکار-مامۆستا بۆ ئەوەی ڕوبەڕوی تەواوی بارودۆخی پەروەردەیی و سروشتی خۆی ببێتەوە، بۆ پەرەپێدانی توانایی بەرپرسیارێتیەکانی و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی بە شێوەیەکی گونجاو، چونکە پەروەردەیی کرداری ڕەوتە ڕەوشتییە خوازراوەکانی خوێندکار-مامۆستا بەرەو پیشەی فێرکردن دەبات(حمد،٢٠٠٧: ١٥).

**گرنگترین ئامانجەکانی پەروەردەی کرداری.**

١- پیادەکردنی تەواوی ئەزمونە پەروەردەیی و ئەکادیمییەکان کە خوێندکار-مامۆستا لە ڕێگەی خوێندنی قوتابخانە و کۆمەڵگەوە لە بواری کرداریدا بە دەستیهێناوە(البغدادی و البغدادی، ٢٠٠٥: ١٤٠).

٢- دەستکەوتن و پەرەپێدانی لێهاتویی پیشەیی کە یارمەتی دەدات کاری پیشەی خۆی بە سەرکەوتوی ئەنجام بدات (دنیا، ١٩٨٢: ١٤).

٣- بەدەستهێنانی لێهاتویی پەروەردەیی و فێرکاری پێویست لە کارەکەیدا وەک مامۆستا و پەروەردەکار(مرعی و مصطفی، ٢٠١٤: ٩).

٤- ڕاهێنانکردنی خوێندکار-مامۆستا لە سەر شێوازی فێرکردن بە شێوەیەکی کرداری.

٥- ڕاهێنانکردنی خوێندکار-مامۆستا لەسەر ڕێکخستنی کات و ڕێزگرتنی (سعد،٢٠٠٧: ٢٨).

٦- زانینی بەها ڕەوشتیەکان کە پەیوەستە بە پیشەی پەروەردە و پراکتیزەی دەکات (دمعة، ١٩٨٧: ١١١).

## ٣-٢ گرنگی پەروەردەی کرداری:

گرنگی پەروەردەی کرداری لە ڕێگەی ئەو ئامانجانەیە کە بە دوای بە دیهێنانیدا دەگەڕێت، دەکرێت بوترێت گرنگی پەروەردەی کرداری کرداری لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بۆشایی نێوان تیۆری و کرداری لادەبات، (جرادات واخرون، ٢٠٠٨: ١٦).

**گرنگی خاڵەکانی پەروەردەی کرداری:**

١- ئاشنا بونی خوێندکار-مامۆستا بە بوارەکانی پرۆسەی خوێندن لە قوتابخانە و ناو پۆلدا.

٢- دەرفەتی مەشق و ڕاهێنانی بۆ دابین دەكات كە ئاراستەكراوە بۆ پەرەپێدان بە لێهاتوی و فێركردن و یارمەتیدانی بۆ دروستبونی هەڵوێست و مەیلێكی ئەرێنی بۆ ئەو پیشەیەی كە خۆی بۆ ئامادەدەكات (ابوجابر و بعارة، ١٩٩٩: ٣٠).

٣- دەرفەت بە خوێندكار-مامۆستا دەدات بۆ بە دەستهێنانی كۆمەڵێك زانیاری و لێهاتوی ڕەوتە درێژخایەنەكان بۆ ئەوەی لە داهاتو سودیان لێوەربگرین لە پیشەی فێركردندا، و ڕێنیشاندەربێت بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئاستەنگە جۆراوجۆرەكان (زكرياء و لخضر،٢٠٢٠: ٣٣).

٤- لە ماوەی پەروەردەی كرداریدا خوێندكار-مامۆستا ڕادەی ئارەزوی ڕاستەقینە و مەیلی دڵسۆزانەی بۆ پیشەی فیركردن و پێكهێنانی ئاڕاستە ئەرێنیەكان ئاشكرا دەبیت(دليل التربية العملية، ٥).

٥- پەروەردەی كرداری یارمەتی خوێندكار-مامۆستا دەدات بۆ ئەوەی شێوازی تایبەتی خۆی لە وانەوتنەوەدا هەبێت، و یارمەتی دەدات لە ڕێكخستنی كات و ڕێزی بگرێت(سعد،٢٠٠٧: ل٢٦-٢٧).

## ٢-٤ بنەماكانی پەروەردەی كرداری:

پەروەردەی كردرای بۆ ئەوەی هەڵبسێت بە ڕۆڵی كارایی خۆی لە سەركەوتن و ئامادەكردنی خوێندكار-مامۆستا دەبێت بنەما بنەڕەتییەكانی پەیرەوبكرێت" كە گرنگترینیان ئەوەیە كە پەروەردەی كرداری بەشێكی دانەبڕاوی پرۆگرامی ئامادەكردنی مامۆستایان بێت، چونكە دەبێت بوار بە خوێندكار-مامۆستا بدرێت بۆ ئاشنابون بە قوتابیان لە بابەتی پەروەردەی كرداری و بابەتەكانی تریش، و پێكهاتەكانی ئامادەكردنی مامۆستایان هەموی تەواوكەر و بەرزكردنەوەی ئەو ڕۆڵەیە كە پەروەردەی كرداری گێڕاوێتی، سەرەڕای ئەوەش دەبێت سەرپەرشتیاری سەرەكی پەروەردەی كرداری ئەو مامۆستایانە بن كە لە پەیمانگا یان كۆلێژەكان وانەدەڵێنەوە (عبدالله، ١٩٧٩: ٩٨).

### گرنگترین بنەماكانی پەروەردەی كرداری:

١-پەروەردەی كرداری بە شێكی دانەبڕاوە لە بەرنامەی ئامادەكردنی مامۆستایان كە كاریگەری لەسەری بە شێوەی ئەرێنی و نەرێنی هەیە.

٢- پەروەردەی كرداری سیستەمێكە كە تێكڕای پرۆسەكە و دەرهاویشتە و شێوازەكانی هەڵسەنگاندن و هەر كەموكوڕییەك لە پێكهاتەكانی ئەم سیستەمەدا كاردەكاتە سەر ئەنجامەكانی پەروەردەی كرداری، چونكە پێكهاتەكانی ئەم سیستەمە تەواو تێكەڵن لە نێوان خۆیاندا بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامەكان.

٣- پەروەردەی کرداری پێویستی بە کۆمەڵێک سەرچاوەی مرۆیی و کەرەستە و ئامرازی مادی هەیە، و ئەگەرنا بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەری دەکاتە سەر ئەنجامەکان.

٤- سەرکەوتنی پەروەردەی کرداری لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەیوەستە بە وردی پلان و ڕێکخستنی بەرنامەیەکی کاریگەر بۆ جێبەجێکردنی قۆناغەکانی پەروەردەی کرداری.

٥- پرۆگرامی پەروەردەی کرداری پێویستی بەوەیە کە بەرپرسیارێتی هەمو لایەنە بەشداربوەکان سنوردار بکات و ڕۆڵەکانیان بناسرێن. (عطیه و الهاشمی، ٢٠٠٧: ٢٠٧-٢٠٩).

## ٢-٥ قۆناغەکانی پەروەردەی کرداری:

١- قۆناغی بینین: لەم قۆناغەدا خوێندکار-مامۆستا ڕێگەی پێدەدرێت سەیری ڕوداو چالاکیەکانی ناو قوتابخانە بکات.

٢- قۆناغی بەشداریکردن: بەشداریکردن بە شێوەی سەربەخۆ یان بە یارمەتی مامۆستای هاوکار.

٣- قۆناغی پراکتیک: لێردا خوێندکار-مامۆستا بە شێوەیەکی کاریگەر دۆخی پەروەردەی پراکتیزە دەکات بەبێ چاودێری یان دەستوەردانی مامۆستای هاوکار(العتیبی، ٢٠١٩: ٣٨٨).

## ٢-٦ بەرپرسیارێتی لایەنە بەشداربوەکانی پەروەردەی کرداری:

پەروەردەی کرداری چەندین لایەن تێیدا بەشدارن لە ژێر میکانزمێک بەڕێوەدەچێت، کە هەر لایەنێکی پەروەردەی کرداری بەرپرسیارێتی و ئەرکی هەیە پێویستە جێبەجێی بکات، هەروەها مافی هەیە پێویستە بە دەستی بهێنێت. بەرپرسیارێتیەکان لە پەروەردەی کرداریدا پێکەوە یەکدەخرێن لەسەر ڕێگای بەدیهێنانی ئامانجە ئاماژە پێکراوەکانی پەروەردەی کرداری(عطیه و الهاشمی،٢٠٠٨: ٢٣٩).

## یەکەم: یەکەی پەروەردەی کرداری:

سەرکەوتنی بەرنامەی پەروەردەی کرداری لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا پەیوەستە بە کۆمەڵێک فاکتەرەوە کە لیژنەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەی کرداری، یەکێکە لە گرنگترین ئاستەکان، چونکە دەستەی سەرپەرشتیاری بەرنامەکە بریتیە لە پلاندان و ڕێکخستن و ئامادەکردن و جێبەجێکردنی بەرنامەی پەروەردەی کرداری(سعد، ٢٠٠٧: ٤٦).

**ئەرک و بەرپرسیاریتیەکانی یەکەی پەروەردەی کرداری:**

١- هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن بۆ دیاریکردنی ئەو قوتابخانانەی دەستنیشانکراون بۆ پرۆسەی پەروەردەی کرداری بە شێوەی فەرمی.

٢- دابەشکردنی خوێندکار-مامۆستا بە سەر سەرپەرشتیاراندا (دليل التربية العملية والتدريب،٢٠٠٣: ١٦).

٣- دیاریکردنی کاتی دەست پێکردن و کۆتایی پەروەردەی کرداری بە هەماهەنگی بەشی ئەکادیمی کۆلێژ (سليم، ٢٠١٩: ٥).

٤- دیاریکردن و سەرپەرشتی کردنی لیژنەی هەڵسەنگاندن و پاراستنی تۆماری هەڵسەنگاندنی کۆتایی.

٥- ئامادەکردنی پلان بۆ بەرنامەی پەروەردەی کرداری (سعد، ٢٠٠٧: ٤٧).

## دوەم: سەرپەرشتیاری پەروەردەی کرداری:

یەکێکە لە ئەندامانی ستافی وانەوتنەوە کە پسپۆری تایبەتی یان گشتی هەیە لەبواری پەروەردەیی یان ڕێگاکانی وانەوتنەوە (عطيه والهاشمي،٢٠٠٨: ٢٤٣-٢٤٥).

**ئەرک و بەرپرسیاریتیەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەی کرداری:**

١- ئاگادارکرنەوەی خوێندکار-مامۆستا لە ئامانجەکانی پەروەردەی کرداری و ئەو کێشانەی کە لەو ماوەیەدا ڕوبەڕوی دەبێتەوە.

٢- بەشداریکردنی مامۆستای هاوکار و خوێندکار-مامۆستا لە ڕێکخستن و دابەشکرنی خشتەی وانەکان.

٣- بەدواداچونی کاری خوێندکار-مامۆستا لە قوتابخانەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕێکوپێک لە ڕێگەی پەیوەندی بەردەوام بە قوتابخانەوە بە تایبەت لە کاتی ڕاهێنان و پراکتیزەکردن.

٤- پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی تایبەت لەسەر پرۆگرامی پەروەردەی کرداری لەلایەن سەرپەرشتیارەوە.

٥- ئاگادارکردنەوەی سەرپەرشتیاری گشتی لە هەر گرفت و تێبینییەکی پەیوەست بە ڕاهێنان و پراکتیزەکردن و پرۆگرامەکەوە (رابح،٢٠١٨: ٩٦).

## سێیەم: بەڕێوەبەری قوتابخانە:

یەکێکە لەلایەنە گرنگ و چالاکەکانی بەرنامەی پەروەردەیی کرداری، کە ڕۆڵی هەیە لە وەرگرتن و پێشوازی کردن لە خوێندکار- مامۆستا و هاندانی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی (العتيبي، ٢٠١٩: ١٠).

**ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانە:**

١- نیشاندانی ڕەزامەندی لە دانانی خوێندکار-مامۆستا لە قوتابخانەکەیدا.

٢- لە کۆبونەوەی یەکەمدا بە خێرهاتنی خوێندکار-مامۆستا دەکات و گفتوگۆ لەسەر فەلسەفە و کۆمەڵگەی قوتابخانە و ئەرکە گرنگەکانی دەکات (صلاح،٢٠٠٤: ٥٠).

٣- دیاریکردنی ئەو پۆلانەی کە سەرەتا خوێندکار-مامۆستا یەکەم جار پرۆسەیی بینیی تێیدا ئەنجام دەدات و پاشان وانەوتنەوە (علی، ٢٠٢٠: ٢٨)

٤- ناساندنی سیستەمی قوتابخانە و میکانیزمی کارکردن تێیدا بە خوێندکار-مامۆستا (سعد، ٢٠٠٧: ٥٠).

٥- بەشداریکردن لە هەڵسەنگاندنی خوێندکار-مامۆستا (سلیم، ٢٠١٩: ٦)

## چوارەم: مامۆستای هاوکار:

مامۆستای بنەڕەتییە و ئامادەبونی بەردەوامی هەیە لە یەکێک لە قوتابخانەکان، لەلایەن کارگێری قوتابخانەوە ڕاسپێردراوە کە هاوکاریی خوێندکار-مامۆستا بکات لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی فێرکردن لە قوتابخانە و لە سەرپەرشتی و ڕێنوێنی و هەڵسەنگاندندا (الضیفی، ٢٠٢١: ١٤)

**ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانی مامۆستای هاوکار:**

١- ناساندنی خوێندکار-مامۆستا بە ژینگەی قوتابخانە.

٢- ناساندنی خوێندکار-مامۆستا بە ستافی وانەوتنەوە و کارگێڕی قوتابخانە.

٣- ناساندنی خوێندکار-مامۆستا بە قوتابیانی قوتابخانە و ئەو پۆلانەی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و هانیان دەدات کە هاوکاری بکەن (سعد،٢٠٠٧: ٥١).

٤- یارمەتیدانی خوێندکار-مامۆستا لە دانانی پلانی ڕۆژانە و چۆنێتی جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی (العتیبی،٢-١٨: ٣٩٢).

٥- یارمەتیدانی خوێندکار-مامۆستا دەدات بۆ زانینی ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن و ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی کە دەیخوێنێت (راشد، ٢٠٠٢: ١٢٩-١٣٠)٠

**پێنجەم: خوێندکار-مامۆستا (الطالب المعلم):**

خوێندکار-مامۆستا بە ئامانجگیراو و مەبەستدارە لە پەروەردەیی کرداریدا، تەوەری سەرەکییە بەرنامەکەیە، کە هەمو هەڵەکان لە پرۆگرامی پەروەردەی کرداری بەرەو پەرەپێدان و گەشەکردنی تواناکانی وانەوتنەوە و بەدەستهێنانی کارایی پێویست بۆ پیشەی فێرکردن ئاڕاستەی دەکەن(عطية و الهاشمی،٢٠٠٨: ٢٥٢)

**ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانی خوێندکار-مامۆستا:**

١- گرنگیدان بە سیما و کەسێتی و پاک و خاوێنی جلوبەرگ و پابەندبون بە ڕەوشت و ئاکارەکانی پیشەی فێرکردن(دليل التربية العملية، ١٣)

٢- ببێتە نمونە و پێشەنگ بۆ قوتابیەکانی لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانیدا و مامەڵەکردن لە گەڵ قوتابیەکان لە سەر بنەمایی ڕێز و خۆشەویستی بێت(حمدة ٢٠٠٧: ٢١).

٣- ئامادەبونی لە قوتابخانە پێش دەستپێکردنی دەوام بە (١٥)خولەک.

٤- وەرگرتنی پیشنیار و بۆچونەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەی کرداری.

٥- چونە ژورەوە بۆ پول و دەرنەچونی تاکو کاتی دیاریکراو (عطيه و الهاشمی،٢٠٠٨: ٢٥٧).

٦- هەماهەنگی لەگەڵ مامۆستایی هاوکار بۆ دارشتن و دانانی پلانێکی ورد و تاوتوێکردنی پلانەکە.

٧- ڕێککاری نەکردن بۆ سیستەمی پۆلەکە یان گۆڕینی شوێنی دانیشتنی قوتابییەکان بە بێ ڕاوێژ و ڕەزامەندی مامۆستایی هاوکار (علی،٢٠٢٠: ٢٢-٢٣).

## ٢-٢ توێژینەوەکانی پێشو:

### ٢-٢-١ لیستی توێژینەوەکانی پێشو

خشتەی (٢-١) توێژینەوەی یەکەم

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | مشكلات التربية العملية واليات حلها من وجهه نظر طلبه كليات التربية بالجامعات الفلسطينية و إداراتها و المعلمين المتعاونين فى المدارس الفلسطينية |
| ناوی توێژەر و ساڵی توێژینەوەکە | حزبون<br>ساڵی ٢٠٠٨ |
| ئامانجی توێژینەوە | - زانینی ئەو کێشانەی که ڕوبەڕوی پەروەردەیی کرداری دەبێتەوە لە زانکۆکانی فەڵەستین لە تێروانینی کارگێری کۆلێژ و خوێندکار-مامۆستا و مامۆستایی هاوکار.<br>- ئاشنا بون بە چارەسەری پێشنیارکراو بۆ بەرەو پێشبردن و باشترکردنی پەروەردەیی کرداری. |
| نمونەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ٣٨٠ کەس بە شێوە هەڕەمەکی وەرگیراوە کە (١٣) کارگێری کۆلێژی پەروەردە و (٢١٣)خوێندکار-مامۆستا و (١٥٤) مامۆستایی هاوکار |
| میتۆدی توێژینەوە | میتۆدی وەسفی |
| ئامرازی توێژینەوە | ڕاپرسی |
| دەرئەنجامەکانی توێژینەوە | -ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە کێشەکانی پەروەردەیی کرداری بە گشتی بە پلەی مامناوەندە، بەڕێژەی ناوەندی ژمێرەی(٣،٨٩) و لادانی پێوەری (٠،٨٤) کە ئەمەش تاڕادەیەک ڕازی بونی ڕێژەییە،<br>- هەروەها توێژینەوەکە ئاشکرای کرد کە خوێندکار-مامۆستا کچەکان زیاتر کێشەیان هەیە لە چاو کوڕەکان.<br>- هیچ جیاوازی گرنگ لە ڕوی ئامارەوە نییە لە ئاستی بەڵگەدرێتی نێوان تێکڕایی نمونەی وەڵامەکان بۆ کێشەی پەروەردەیی کرداری بەپێی ڕەگەز. |

خشتەی(٢-٢) توێژینەوەی دوەم

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | المشكلات التى تواجه طلبة التربية العملية فى جامعة شقراء من وجهة نظر الطلبة المعلمين أنفسهم |
| ناوی توێژەر و ساڵی توێژینەوەکە | العنزی<br>ساڵی ٢٠١٥ |
| ئامانجی توێژینەوە | -دەست نیشانکردنی ئەو کێشانەی کە ڕوبەڕوی خوێندکار-مامۆستا دەبێتەوە لە زانکۆی الشقراء لە تێڕوانینی خۆیانەوە.<br>-زانینی جیاوازی ئەو کێشانە بەپێی پسپۆری ڕەگەز و ڕێژەیی ئەکادیمی |
| نمونەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ١٣٦ خوێندکار |
| میتۆدی توێژینەوە | میتۆدی وەسفی |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆڕمی ڕاپرسی |
| دەرئەنجامەکانی توێژینەوە | -هیچ جیاوازیەکی گرنگ لە ڕوی ئامارەوە نییە بۆ گۆڕاوەکانی پسپۆڕی و ڕەگەز.<br>-جیاوازی گرنگ لە ڕوی ئاماریەوە هەیە بۆ گۆڕاوی تێکرایی کەڵەکەبو |

## 2-2-2 لێکچون و جیاوازی لە نێوان توێژینەوەی ئێستا و توێژینەوەکانی پێشو:

١- سەبارەت بە شوێنی و ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوە: هەریەکە لە توێژینەوەی (حزبون، ٢٠٠٨) و لە وڵاتی فەڵەستین ئەنجامدراوە، توێژینەوەکەی (العنزی،٢٠١٥) لە وڵاتی ئەردەن، بەڵام توێژینەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان-عێراق ئەنجام دەدرێت.

٢- لە ڕوی مێتۆدی توێژینەوە: سەرجەم توێژینەوەکان میتۆدی وەسفی (المنهج الوصفى) یان پەیڕەوکردوە هەر وەک ئەم توێژینەوەی ئێستا کە هەمان میتۆدی پەیڕەو کردوە.

٣- لە ڕوی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری: هەمو توێژینەوەکان ئامرازی ڕاپرسیان بەکار هێناوە تەنانەت ئەم توێژینەوەی ئێستاش.

٤- لەڕوی قەبارەی نمونەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکان جیاوازبون لە ڕوی ژمارەی نمونەی توێژینەوەکە، توێژینەوەی حزبون (٣٨٠) لە سەرۆک بەشی کۆلێژەکان و خوێندکار-مامۆستا و مامۆستایی هاوکار، العنزی

(١٣٦) خوێندکار، هەروەها توێژینەوی بەردەست (٤٩٠) مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری قوتابخانەیە.

٥- لەڕوی ئامانجی توێژینەوە: سەرجەم توێژینەوەکانی پێشو و توێژینەوەکەی ئێستاش هەمان ئامانجیان هەیە ئەویش زانین و دەستنیشانکردنی ئەو کێشە و ئاستەنگانەیە کە ڕوبەڕوی خوێندکار-مامۆستا دەبێتەوە لە ماوەی پەروەردەیی کرداری.

## ٢-٢-٣ سود بینین لە توێژینەوەکانی پێشو:

توێژەر لە چەندین ڕوەوە سودی لە توێژینەوەکانی پێشوتر وەرگرتوە وەک:

١- هەستکردن بە هەبونی کێشەی توێژینەوەکە و ڕادەیی گرنگیەکەی بە مەبەستی بون بە توێژینەوەیەکی تەواو زانستی.

٢- توێژینەوەکانی پێشو چوارچێوەیەکی گشتی بۆ توێژینەوەکە پێکدەهێنن، چونکە بابەتەکانی توێژینەوەکانی پێشو سودی زۆریان لێوەرگیراوە بە تایبەت لە چوارچیوەی تیۆریدا.

٣- سود وەرگرتن لە ڕوی ئامادەکردن و بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکان بۆ دەرخستن و چۆنێتی ڕاستی و جێگیری توێژینەوەکە.

# بەشی سێیەم: ڕێککاریەکانی توێژینەوەکە:

## ٣-١ میتۆدی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە پشتی بەستوە بە میتۆدی وەسفی، چونکە گونجاوترین میتۆدە بۆ توێژینەوەی زانستی هەروەها گونجاوە لەگەڵ سروشتی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، چونکە میتۆدی وەسفی ڕێگایەکە بریتییە لە باسکردنی بابەتێک کە توێژینەوەی بە مەنهەجێکی زانستی ڕاست و دروست لە سەر ئەنجام دەدرێت، بە مەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجامەکان کە بە شێوەی ژمارەیی پێی گەیشتون و ڕاڤەی دەکەن (باداوەی و شێخانی،٢٠١٤: ٥٩)

## ٣-٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوە لە (٥٢٥) مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانە بنەڕەتییەکان، کە (١٧٠) مامۆستایی سەرپەرشتیار لە کۆلێژەکانی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆکانی (سلێمانی

و چەرمۆ)، هەروەها (٣٥٥) بەڕێوبەری قوتابخانە لە بەڕێوبەرێتی پەروەردەکانی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای سلێمانی و چەمچەماڵ )، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢)، وەک لە خشتەی ژمارە (٣-١) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (٣-١)

دابەشکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

| نمونە | مامۆستایی سەرپەرشتیار | بەڕێوبەری قوتابخانەکان | تێکرا |
|---|---|---|---|
| ژمارە | ١٧٠ | ٣٥٥ | ٥٢٥ |

## ٣-٣ نمونەی توێژینەوە:

توێژەر نمونەی توێژینەوەکەی لە (٤٩٠) کەس لە مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان لە هەر دو ڕەگەزی نێر و مێ بە شێوەی هەڕەمەکی دیاری کردوە، ، کە دەکاتە ٩٣،٣٣% کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە، لە کۆی (٥٢٥) نمونە، نمونەی بنیاد (٢٩٤) و نمونەی جیبەجێکردن (١٠٦) و نمونەی سەرەتایی (٣٠) هەروەها نمونەی جێگری (٣٢) و دورخراوەکان (٢٨)، وەک لە خشتەیەی (٣-٢) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی(٣-٢)

دابەشبونی نمونەی توێژینەوەکە

| ژ | وردەکاری نمونەی توێژینەوەکە | مامۆستایان و بەڕێوبەری قوتابخانەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | نمونەی بنیاد | ٢٩٤ | %٦٠ |
| ٢ | نمونەی جێبەجێکردن | ١٠٦ | %٢١،٦٣٣ |
| ٣ | نمونەی سەرەتایی | ٣٠ | %٦،١٢٢ |
| ٤ | نمونەی جێگیری | ٣٢ | %٦،٥٣١ |
| ٥ | دورخراوە | ٢٨ | %٥،٧١٤ |
| ٦ | کۆ گشتی | ٤٩٠ | %١٠٠ |

### ٣-٣-١ نمونەی سەرەتایی توێژینەوەکە (العینە الاسطتلاعیە)

توێژەر نمونەیەکی سەرەتایی هەڵبژارد کە پێکهاتبو لە (٣٠) مامۆستای سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانە لە ڕەگەزی نێر و مێ کە لە (کۆلێژەکانی پەروەردەی بنەڕەتی هەر دو زانکۆی سلێمانی و چەرمۆ و بەڕێوبەرێتی پەروەردەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای سلێمانی و پەروەردەی چەمچەماڵ)،

### ٢-٣-٢ نمونەی بنەڕەتی(بنیاد) توێژینەوەکە:

توێژەر نمونەی توێژینەوەکەی دیاریکرد بە شێوەی هەڕەمەکی کە ژمارەیان (٢٩٤) کەس بو لە مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان کە (٩٤) مامۆستای سەرپەرشتیار و (٢٠٠) بەڕێوبەری قوتابخانە بون، وەک لە خشتەی ژمارە (٣-٣) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی(٣-٣)

| نمونە | مامۆستایی سەرپەرشتیار | بەڕێوبەری قوتابخانەکان | تێکرا |
|---|---|---|---|
| ژمارە | ٩٤ | ٢٠٠ | ٢٩٤ |

**بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز:-** نمونەی توێژینەوەکەمان بریتیە لە (٢٩٤) کەس، کە پێکهاتوە لە کە (٢٠٢) نێر و (٩٢) مێ لە مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان. وەک لە خشتەی ژمارە(٣-٤) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە(٣-٤)

دابەشکردنی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆراوی ڕەگەز

| ڕەگەز | نێر | مێ | تێکڕا |
|---|---|---|---|
| ژمارە | ٢٠٢ | ٩٢ | ٢٩٤ |

**بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە:** تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی بڕوانامە بەم جۆرە بون کە (٧٣) یان هەڵگری بروانامەی دبلۆم و (١٢٧) یان هەڵگری بروانامەی بەکالۆریۆس (٥٦) یان هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و (٣٦) یان هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بون. وەک لە خشتەی ژمارە (٣-٥) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (٣-٥)

دابەشکردنی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە.

| بڕوانامە | دبلۆم | بەکالۆریوس | ماستەر | دکتۆرا | تێکڕا |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٧٣ | ١٢٧ | ٥٦ | ٣٦ | ٢٩٤ |

**بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت:** تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی ساڵانی خزمەت بەم جۆرە بون کە (٤٩) خزمەتیان لە نێوان(١-١٠) ساڵ و (٣٩) خزمەتیان لە نێوان(١١-٢٠) ساڵ و (١٨) خزمەتیان لە (٢١) ساڵ و بە سەرەوەیە، وەک لە خشتەی ژمارە(٣-٦) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (٣-٦)

دابەشکردنی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت

| ساڵی خزمەت | 1- ١٠ | ١١- ٢٠ | ٢١ بە سەرەوە | تێکڕا |
|---|---|---|---|---|
| مامۆستا | ١٥٩ | ٩٤ | ٤١ | ٢٩٤ |

**٣-٣-3 نمونەیی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە:**

توێژەر نمونەی جێبەجێکردنی توێژینەوەکەی دیاریکرد کە خۆی دەبینێتەوە لە (١٠٦) کەس لە مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، کە پێکدێت لە (٣١) مامۆستایی سەرپەرشتیار و (٧٥) بەڕێوەبەری قوتابخانە. وەک لە خشتەی ژمارە (٣-٧) ڕونکراوەتەوە

خشتەی ژمارە (٣-٧)

دابەشبونی نمونەی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە

| نمونە | مامۆستایی سەرپەرشتیار | بەڕێوبەری قوتابخانەکان | تێکرا |
|---|---|---|---|
| ژمارە | ٣١ | ٧٥ | ١٠٦ |

**بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز:**- نمونەی توێژینەوەکەمان بریتیە لە (١٠٦) کەس، کە پێکهاتوە لە کە (٦٦) نێر و (٤٠) مێ لە مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکان. وەک لە خشتەی ژمارە(٣-٨) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی(٣-٨)

دابەشکردنی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆراوی ڕەگەز

| ڕەگەز | نێر | مێ | تێکڕا |
|---|---|---|---|
| ژمارە | ٦٦ | ٤٠ | ١٠٦ |

**بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە:** تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی بڕوانامە بەم جۆرە بون کە (٢١) یان هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم و (٤٨) یان هەڵگری  بڕوانامەی بەکالۆریۆس (١٤) یان هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و (٢٣) یان هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بون. وەک لە خشتەی ژمارە (٣-٩) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی(٣-٩)

دابەشکردنی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە.

| بڕوانامە | دبلۆم | بەکالۆریوس | ماستەر | دکتۆرا | تێکڕا |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٢١ | ٤٨ | ١٤ | ٢٣ | ١٠٦ |

**بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت:** تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی ساڵانی خزمەت بەم جۆرە بون کە (٤٩)خزمەتیان لە نێوان(١-١٠) ساڵ و (٣٩) خزمەتیان لە نێوان(١١-٢٠) ساڵ و (١٨) خزمەتیان لە (٢١) ساڵ و بە سەرەوەیە، وەک لە خشتەی ژمارە(٣-٥) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (٣-١٠)

دابەشکردنی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت

| ساڵی خزمەت | 2- ١٠ | ١١- ٢٠ | ٢١ بە سەرەوە | تێکڕا |
|---|---|---|---|---|
| مامۆستا | ٤٩ | ٣٩ | ١٨ | ١٠٦ |

## ٣-٤ ئامرازی توێژینەوەکە:

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە و زانینی ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت و پێشنیارەکانی چارەسەرکردنیان لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری قوتابخانەکانەوە، هەستا بە پەیڕەوکردنی کۆمەڵێک هەنگاوی زانستی بۆ بنیادنانی ئامرازی پێوانەکە، چونکە ئامرازی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان لە توێژینەوەیەکەوە بۆ توێژینەوەیەکی تر دەگۆڕێت و بەندە بە ئامانج و سروشتی توێژینەوەکە و جۆری سامپلەکەوە(بۆکانی، ٢٠٢٠: ١٣٢).

### ٣-٤-١ هەنگاوەکانی ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە:

توێژەر بۆ بنیادنانی پێوەرەکە چەند هەنگاوێکی گرتوەتەبەر وەک:

١- خوێندنەوە و تەماشاکردنی توێژینەوەکانی پێشو، وەک توێژینەوەی (حزبون،٢٠٠٨) و (العنزی، ٢٠١٥).

٢- خوێندنەوە و تەماشاکردنی فۆڕمی هەڵسەنگاندنی خوێندکار-مامۆستا (المطبق) کە لەلایەن مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری قوتابخانەکانەوە بە مەبەستی هەڵسەنگاندن بۆ خوێندکار-مامۆستا بەکاردەهێنرێت.

٣- لەبەر ئەوەی توێژەر ئامرازێكی ئامادەكراوی دەستنەكەوت كە وەك پێویست بێت بۆ مەبەستەكانی توێژینەوەكەی، هەستا بە دروست كردنی فۆڕمێكی ڕاوەرگری سەرەتایی بۆ بەدەست هێنانی زانیاری سەرەتایی بۆ دروستكردنی فۆڕمی ڕاپرسی كۆتایی" چونكە دەرفەتێكی باشتر دەڕەخسێنێت بۆ ناسینی باشترین ڕێگە و شێواز لە دواندنی بەشداربوانی توێژینەوەكە و زانینی تایبەتمەندی و سروشتیان (كشرود،٢٠٠٧: ٢٠١). بۆ ئەم مەبەستە فۆڕمێكی سەرەتایی دروست كرد كە پێكهاتبو لە چوار پرسیار، هەروەها داوایان لێكرابو كە پێشنیار و چارەسەر بخەنەڕو، توێژەر هەستا بە دابەشكردنی فۆڕمەكە بەسەر(٣٠) بەڕێوەبەری قوتابخانە و مامۆستایانی سەرپەرشتیار لە بەرواری (٢٠٢٢/٢/٢٧) دوای ئەوەی كە كاتی پێویستیان پێدرا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەكان كە ماوەی دو هەفتە بو تاكو لە (٢٠٢٢/٣/١٣) ئینجا دەست بە كۆكردنەوەی فۆرمەكان كراو و زانیاریەكان خاڵی كرانەوە، ئەنجامی ئەم كارانەش بو بە هۆی ئامادەكردن و داڕشتنی فۆڕمی ڕاپرسی كۆتایی كە لە(٨٤) بڕگە و(٩) تەوەرپێكهاتوە، بە مەبەستی دڵنیابون لە ڕادەی زانستی بونی ئامرازەكە و گونجاوی بۆ كۆكردنەوەی داتاكان و زانیارییەكان، ڕاستی و جێگیری بۆ دەرهێنرا بەم شێوەیەی خوارەوە:

## ٣-٤-٢ ڕاستی ئامرازی توێژینەوەكە:

مەبەست لە ڕاستی هەر ئامرازێک ئەوەیە، ئەو ئامرازە تا چەند توانایی پێوانەكردنی ئەو تایبەتمەندییە یان ئەو دیاردەییەی هەیە، كە لە پێناویدا ئامادەكراوە( الجلبي، ٢٠٠٥: ٨٤). ڕاستی بە مەرجێكی پێویست دادەنرێت كە دەبێت بەرجەستەكراو بێت لەو ئامرازەدا كە توێژینەوەكە پشتی پێدەبەستێت، ڕاستی لەسەر دو هۆكاری گرنگ ڕاوەستاوە، ئەوانیش مەبەست لەو كارەی ئامرازەكە پێی هەڵدەستێت، هەروەها ئەو گروپ و كۆمەڵەی كە ئامرازەكەی بەسەردا جیبەجێ دەكرێت(ابولبدة، ١٩٧٩: ٢٣٥).

### ٣-٤-٢-١ ڕاستی ڕواڵەتی بۆ ئامادەكردنی ئامرازەكە:

مەبەست لە ڕاستی ڕواڵەتی، ئامڕازی توێژینەوە ئایا ئامڕازەكە لە ڕوكەش و ڕواڵەتدا، تا چەند دیاردەكە دەپێوێت و ڕادەی بڕگەكانی پێوانەكە تەنها ئەو گۆڕاوەی بۆی دانراوە پێوانە دەكات (بۆكانی، ٢٠١٦: ١٧٤).

بۆ دیاریكردنی ڕاستگۆی ڕۆاڵەتی توێژەر ڕاوبۆچونی شارەزایانی وەرگرت، بۆ ئەو مەبەستە پێوانەكە خرایە بەر خرایە بەردەست (١٧) شارەزا و پسپۆڕی (پەروەردە و ڕێگاكانی وانەوتنەوە دەرونناسی و پێوانەو هەڵسەنگاندن)، داوایان لێكراوە ڕاوبۆچونی خۆیان سەبارەت بە گونجاوی برگەكان دەرببڕن و هەر گۆڕانكاریەک پێیان باشە پێشنیازی بكەن، وەک لە خشتەی ژمارە(٣-١١) ڕونكراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٣-١١)

